




دامەزراندنی تێکسجەرو باتیرن

دامەزراندنی تێکسجەرو باتیرن

هەڵبەتە بۆیە ئەم بابەتەم خستە پێشەوە، لەبەر ئەوەی زۆر وانەکانی لەمەودوا دێن زۆرجار پێویستمان بەدامەزراندن و بەکاربردنی ئەم دوو کاریگەریە گرنگەیە(تێکسجەرو باتیرن) کە لە نەخشاندن و کارکردن لەسەر ڕەنگەکان زۆر گۆڕانکاری دەکات واتا جێ پەنجەی دەردەکەوێت. با زۆر لەسەر شتەکان نەڕۆین بچینە ناو بابەتەکەوە.

پێش هەموو شت تێکسنجەرەکە یا باترنەکە دا دەگرین لەهەرشوێنێکی کۆمپیوتەرەکەمان
پاشەکەوتی بکە ، ئەنجا برۆ پرۆگرامی فایرووۆرکس بکەرەوە برۆسەر ئامرازی پرکەرەوە دیاری بکە.
دەتوانیت بە دەستیش بکەیت لە ڕێگا ڕەنووس کردن و لکاندنەوە
1. پەڕگەکان ڕەنووس بکە (کۆپی)
2. لە بەشی C:Program FilesMacromediaFireworks MX 2004ConfigurationTextures
بیان لکێنە (پاستیان بکە).
ئەگەر بەو شێوەی دەستە کێشەت هەیە بەردەوام بە
ئەنجا برۆ وەکو ئەم وێنەیە لەبەشی خوارەوەی کاریگەری و گۆڕانکاریەکان




کەئەمەت کرتە کرد پەنجەرەیەکی هەڵبژاردنت بۆ دەکرێتەوە بزانە تێکسنجەرەکانت لە کوێ پاشەکەوتکردووە( ئەگەر پەڕگەکانی تێکسنجەر لە ناو زیپ یان ڕاڕ دانراوە بیکەرەوە پێش ئەوەی دەست بەم هەنگاوانە بکەیت). ئەنجا برۆ وەک ئەم وێنەیە




یەک بەیەک ئەو پەڕگانە هەڵبژێرە وە پاشەکەوتیان بکە ئێستا ئەگەر جارێکی تر فایروۆرکس سەرلەنوێ دابگرسێنیتەوە ئەوا دەبینی لەلیستی تێکسنجەرە ئەو شێوە و ڕەنگی پاشبنەمایانە زیاد کراون وە دەتوانی کاریگەریان لەسەر بکەیت.

ئەمە هەموو هەنگاوەکانی داگرتن و زیاد کردنی تێکسنجەر بوو کە زۆر گرنگەو ڕەنگی جوانترو کاریگەری ڕێک و پێکتر دەدات بەکارەکانت. هیوام سوود بینینە لەم بەشە.

ئێستا دێینە سەر زیادکردنی باترن کە لە هەنگاوەکاندا لەوەی تر دەچێت بەڵام بۆ یەکێکی سەرەتای هەندێک گۆڕانکاری هەیە کە دەبێت وریایان بێت. لەم هەنگاوانەی دوای جوان سەرنج بدە با هەنگاوەکان تێکەڵ نەبێت.
هەربەهەمان شێوە باترنەکان دابگرەوە لە شوێنێکی سەر کۆمپیوتەرەکەت ئەنجا بڕۆ بۆ ئەم بەشە (لەبیرت نەچێت کرتە لە هەمان ئامراز بکەرەوەو بڕۆ بەشی خوارەوە).




ئێستا بەهەمان شێوە کرتە لەسەر زیاتر بکەو هەمان پەنجەرەت بۆ دەکرێتەوە وەکو هەنگاوەکانی لە تێکسنجەر وەک ئەم وێنەیە




ئێستا دەتوانی باترنەکان هەڵبژێریت و پاشەکەوتیان بکەیت بە داگیرسانەوەی بەرنامەی فایرووۆرکس دەبینیت باترنەکان زیاد کراون وە دەتوانیت بەکاریان بەریت.

دەتوانن لەم بابەتانە سوود وەربگرن ئەگەر هەرکات تێکسجەرو باترن لەبەشی پێداویستیەکان داگیران ئەوا تۆ دەتوانیت بەپشتیوانی ئەم بابەتە دایان بگریت.

لێرەش دەتوانی بەشێوەی فلیم سەیری ئەم کارانە بکەیت (بۆ پاشەکەوتکردنی فلیمەکە کرتەی لای ڕاست 3م دانە save traget as بەئەڵمانی ziel speichern unter هەڵبژێرە)

فلیمەکە

بە پشتیوانی ئێوە وانەکە کۆتایی هات بەردەوام دەبین تا ئەو پەڕی زانست.

لەگەڵ ڕێزمدا

24 Aug 2005 نووسەر سیامەند 0 بۆچوون

هەموو مافەکان پارێزراوە بۆ وێبگەی فایرووۆرکس بە کوردی